# ناتەبا لەگەڵ خۆم
# کۆك لەگەڵ ناکۆکیدا

## شیعر

گۆران ڕەسووڵ زەوقە

٢٠١١

ناوی کتێب: ناتەبا لەگەڵ خۆم کۆك لەگەڵ ناکۆکیدا
بابەت: شیعر
نووسینی: گۆران رەسووڵ زەوقە
دیزایینی بەرگ و ناوەرۆك: هێمن خدر
سەرپەرشتی چاپ: دەرباز مامەند ئاغا رواندزی
چاپ: چاپخانەی رۆژهەڵات
چاپی یەکەم
.............................................................
لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەی گشتیەکان ژمارە (٢٤٩٤)ی ساڵی (٢٠١٠)ی پێدراوە.

ئەم کتێبە بە هاوکاری دەزگای موزیك و کەلەپووری کورد چاپکراوە.

به روحی (ڕەسووڵ زەوقە) پێشکەشە
پیاوێك تژی لە جوولە،
خاڵی لە هەناسەی ماندوویەتی
پیاوێك کە لە گیرفانی مردندا ، ژیانی دەردەهێنا.

(بۆ رزگاربوون لە هەموو ئازارێك دوو رێگا هەن ،
کامەیانت دەوێ هەڵیبژێرە:
مەرگی خێرا ، یان عەشقی درێژخایەن.)

فرێدریش نیتچە

# کوفرەکانی ناو پەرستگا

١

لەوەتەی هەم
خەم دەخۆم
کەچی نازانم بۆ تێر نابم؟!

٢

ئەی یار
تێت ناگەم
رووخسارت گوڵ و دڵیشت بەرد
ئای خودایە
ئەم دووانە چەندە لێك جودان !

٣

بەیانییەك درەنگ رادەبم
وەلێ هێشتا كات ماوە بۆ جەنگ
سپێدەیەك زوو خەبەرم دەبێتەوە
بەڵام هێشتا درەنگە بۆ عەشق

٤

من
هەمیشە لە كۆتاییەوە دەست پێ دەكەم
نازانم و چاوەڕێم
چ رۆژێك دەگەمە سەرەتا
دەشێ چەند چركەیەك بەر لە مەرگ بێ
یان لەگەڵ دوایین ئۆرگازم
رەنگە هەر نەشگەمە سەرەتا

٥

ئەی دۆست
تەنیام مەکە
ئاخر چی هەیە لە تەنیایی سەختتر ؟!
ئەوەتا خودا
بۆ ئەوەی لە دەست تەنیایی رزگاری بێت
فریشتە و مرۆڤ و
ئەو هەموو بوونەوەرەی دروست کردووە

٦

نێوانمان تەنیا
دووریانێکی کورتە و
ناچارم پێیدا گوزەربکەم
وەلێ سەرەتای دووریانەکە
دێرێکی رەش و ئاڵۆزی لێ نووسراوە:
( رێگایەك بەرەو زەمهەریر )

٧

من
تۆ بە گوڵ و پەپوولە دەسپێرم
دەزانم تۆش
لە مەرگ زیاتر هیچی دی شك نابەی
تا منی لا جێ بهێڵی

٨

دونیا پڕە لە درۆ
من سپێدە درۆییەك دەكەم
تۆ ئێوارە درۆییەكەم دووبارەدەكەیتەوە
تێناگەم عەشق بۆ فێرە درۆمان دەكا

٩

بیۆگرافیای خۆم دەنووسمەوە
بیۆگرافیای خۆم چاپدەکەم
بیۆگرافیای خۆم لە تەواوی شاردا بڵاودەکەمەوە
تۆبڵێی کەسێ هەبێ
ئەم تراژیدیانامەیە بخوێنێتەوە؟!

١٠

"دەچم مردن تاقی دەکەمەوە"
ئەی دۆست
رەنگە ئەمە دوا smsبێت بۆت بنێرم

## دوای هەموو شتێك، شتێك. ئەی دوای عەشق ؟

فرێمدەن
شەقامێك هەیە وەك ئێوە سپڵە نەبێ و
لەم شەوە پووچەدا داڵدەم بدا

جێم بهێڵن
شیعرێك هەیە لە تەنیاییم کەمکاتەوە

بمکوژن
خاکێك هەیە وەك ئێوە بێ بەزەیی نەبێ و
خۆی بکا بە گۆڕم

دەمم ببەستن
پێنووسێك شك دەبەم
تا ببێتە زمانحالم

ونم بکەن
من خۆم لەناو نۆڤلێتێکدا دەدۆزمەوە

هەتا پێتان دەکرێ پەستم بکەن
ئەمشەو لەلای (مۆزارت) دەمێنمەوە

ئەو دەزانێ بە چی دڵم دەداتەوە

ئێوە دێن
گۆڕێك بۆ (مەم) لێدەدەن
من دێم
(بەکۆ)ی تێدا دەشارمەوە

ئێوە دێن
ماڵی خەیاڵ دەکەنە ئاگردان
من دێم

لێوان لێوی دەکەم لە گوڵدان

ئەگەر بێن و
منداڵەکان لەسەر چەك و شەڕ رابهێنن
دوای ئێوە
من بە مشتێ قەڵەمی رەنگاو رەنگەوە دێم و
وێنەی هەنگ سەروەختی مژینی شیلەی گوڵیان
پێ دەکێشم

ئێوە دێن و
لاسایی هۆلاکۆ دەکەنەوە

من ماڵەکەی خۆم دەکەمە کتێبخانە

دەترسم و
دەشڵەژێم
بیرکردنەوەش دادم نادا ،
هەست بە لەدەست دانی هەموو شتێك دەکەم
گەر ئێوە بێن و
عەشق لە خوێنی خۆیدا بگەوزێنن !!!!!

## بوون پەنجەرەیەکە و هیچی تر
وەك هەمیشە لە پەنجەرەکەی تۆوە

١
لەبەر خۆمەوە دەڵێم :
نازانم ئاسوودەییم
لە کامە وێستگەی عەشقدا لێ بەجێما
ئەو روو دەکاتە من و دەڵێ :
مرۆڤ هەر چۆنێك بێ ناچار هەر دەبێ بژی

من بەدەم سەیرکردنییەوە دەڵێم :
گێژم و کەللەی سەرم بۆتە کەرتێك چیا
دڵیشم بە هەموو هێزی ،
خۆی بە قەفەزی سینگمدا دەکێشێ

ئەو لەبەر خۆیەوە دەڵێ :
بۆ ژیان پێچەوانە نەکەینەوە
با لەمەودوا بە وەرین پێبکەنین و
رقمان لە پشکووتن ببێتەوە
بزانین چی روو دەدا !
ئەو دەربارەی منداڵیم دەپرسێ
من دەڵێم :
هێندە ئاوارەییم دیوە
هەست ناکەم شتێکم هەبێ ناوی منداڵی بێت
دەپرسم و داوا دەکەم :
دەتوانم لەناو تۆدا رارایيم بره‌وێنمەوە ؟
ئەو کەمێك بیر دەکاتەوە و دەڵێ :
(دێکارت)یانە بیربکەرەوە

ئەو بەردەوام دەبێ و دەڵێ :
لە ژیان بترسە نەك لە مردن

ئەمجارە روو دەکەمە خۆم و دەپەیڤم :
تەنیا شیعرێك بەسە بۆ ئەوەی لەناویدا بنێژرێم
دایکم دەڵێ :
بەرماڵێك بەسە بۆ ئەوەی لەسەری گەورە ببیت
ئەو دەڵێ :
خاڵێك بەسە بۆ ئەوەی لەبەردەم پەرەگرافی
تەنیاییدا دایبنێی
فەقێییەك دەڵێ :
عومری نوح زۆر کەمە بۆ پەرستن

من دەڵێم :
پەنجەرەیەك بەسە بۆ نزا ،
پەنجەرەیەك بەسە بۆ پەرستن
دوای کردنەوە و داخستنی هەموو
پەنجەرەکانی هەوەس
ئەوسا تێگەیشتم
بوون پەنجەرەیەکە و چیتر نا
پەنجەرەیەك پڕە لە عەشق
پەنجەرەیەك پڕە لە ترس
پەنجەرەیەك پڕە لە خۆشبەختی
پەنجەرەیەك پڕە لە مەینەتی

دەمەوێ وەك پەرەسێلكەیەك
هێلانەیەك لە سەر ئەم پەنجەرەیە دروست بكەم
دەمەوێ ئەم پەنجەرەیە ببێتە مالم
ببێتە پەرستگام
ببێتە گۆڕم
پەنجەرەیەك و چیتر نا.

٢

ئێوارەیەکی وەنەوشەیی
لەبەردەم پەنجەرە پەمەییەکەی تۆدا مردم
کەس نەبوو لاشەکەم هەڵگرێتەوە
ناچار لاشەکەمم بەرەو گۆرستان برد
هەر خۆم گۆڕم بۆ خۆم هەڵکەند و
لەناویدا ڕاکشام
هەر خۆشم لەسەر کێلەکەم نووسیم :
هەموو شوێنێك گۆڕە
هەموو شوێنێك تاریکە
هەموو شوێنێك تەنگە
هەموو شوێنێك جەهەنەمە
تەنیا ئەودیوی پەنجەرە پەمەیییەکە نەبێ.

## ئەو كاتەی كە بۆ جارێكی تر لەدایك دەبم

دێم و ئەمجارە
لە گوڵ ناسكترت پێ دەڵێم
دێم و
ئیدی مەنزڵگای
ئەوینی تۆ دەكەمە رێ و جێم

ئەمجارە
بە شیعر و گۆرانییەوە دەتدوێنم
دێم و
لەسەر پەمۆ و باران دەتنوێنم

دێم و
بەیەکەوە بەرەو مناڵ دەچینەوە
پێکرا
بەرەنگاری پیری و مەرگ دەبینەوە

دێم و
تابلۆی ئەوینت بۆ دەنەخشێنم
دێم و
بەڵێن دەدەم هەتا مابم نەتۆرێنم

دێم و
لەگەڵ خۆمدا باوەشێك گوڵی سوورت بۆ دێنم
دێم و
ئەوسا سەیرکە چۆن تێکەڵ بووی لەگەڵ خوێنم

دێم و
وەك دوو کۆتری سپی دەفڕین
ئاسمانی یەکەم و دووەم ، حەوتەمیش دەبڕین

دهێم و
خەم و ئازاری خۆمت بۆ دەگێرمەوە
دهێم و
نۆڤلێتێکی دڵداریت بۆ دەخوێنمەوە

دێم و
سەیرمکە تەنیایی چۆن رووخساری پەشۆکاندووم
ئەوسا بزانە
من بەبێ تۆ چەند بێزار و پەست و ماندووم

## خەون

شەپۆل خەون بە کەنارەوە دەبینێ
درەختیش بە بەهار
بولبولێك لە خەونیدا گوڵێك ماچ دەکات
کوێرێك خەون بە رەنگەوە دەبینێ

ئەلبێر کامۆ
لەخەونیدا خۆی دەکوژێت

هەردی
لەخەونیدا باوەش بە (ست فاتیمە)دا دەکا

گێلێك خەون بە پاشایەتیەوە دەبینێ
شێت هیچ خەونێك نابینێ

مار خەون بە فرینەوە دەبینێ
هەوریش لەخەونیدا جووتێ پێڵاوی کریوە و
لەناو جەرگەی بازاردا پیاسە دەکات
فەرهاد*
لە یەك شەودا
هەزار خەونی حەلەقومەلەق دەبینێ

*فەرهاد پیربال

هەرزەکارێك
خەونێکی سێکسی بۆ هاورێیەکەی دەگێڕێتەوە

نیتچە
لە خەونیدا جەستەی گرگرتووی
هەزاران ئافرەت دەبینێ

کاتژمیر
خەو بە نووستنەوە دەبینێ

قەشەیەك
لە خەونیدا
خۆی لە بن دیواری کەعبەدا دەبینێتەوە

دایکم خەون بە بەهەشتەوە دەبینێ
منیش هەموو شەوێ بەیادی تۆوە
دەخەوم...........

## پەژمووردەبوون

تەخت و تاراجت لێ تێکدام
تازە بەم هەموو شکستەوە
بناغەی چ ئەوینێکی نوێ دابڕێژمەوە ؟!
تازە بەشانەی کامە هەستم
قژی ئاڵۆزی کچۆڵەك دابێنەوە ؟!

ڕۆشناییت بری
تازە بەم کوێریەوە
بەکامە ڕێگای بووندا بڕۆم ؟
بەکامە
پەڵە هەور بڵێم بگری بۆم ؟
بەکامە سپێدە بڵێم لەگەڵ خۆیدا نوێم کاتەوە ؟
بەکامە شۆخ بڵێم لە دڵی خۆیدا جێم کاتەوە ؟

ئێستا من
گوڵێکی پەژموردەم
بوولبولێك نایەت بۆ دیدەنیم
لە شاری ئەویندا
من (جوان)ێکم بێ (ئەلف) و (جیم)

## سۆراخ

ئەی یار
ئەی خۆشبەختیم
لە کوێ بۆت بگەڕێم ؟
لە کێ سۆراخت کەم ؟
ئەدرێست لەکام لیستدا بدۆزمەوە ؟

لە چیدا بۆنت کەم ؟
لەناو کتێبی شیعرەکانم
یان لەناو گوڵ و گوڵزار
کەی بتبینمەوە ؟
لەگەڵ وەرینی یەکەم گەڵا
یان وەك جاران
لەگەڵ دەسپێکی بەهار

لەکوێ چاوەڕێت کەم ؟
لە بن دار هەنجیرەکە یان لە کتێبخانە
دەدەرکەوە
هەرچی هەیە لێرە بەتاسەوە چاوەڕوانە

هەواڵی تۆ لە کێ بپرسم ؟
لە پەردە داخراوەکەی ژوورەکەت
لە دڵی خۆم یان لە خودا
لە زیوس
لە ئەپۆڵۆ
لە ئەفرۆدێت یان لە بودا

هەموو شوێك بۆنی تۆی لێ دێ و
کەچی لە هیچ لایەکەوە دەرناکەوی
من هەموو شتێکم ون کرد بۆ دۆزینەوەت
پێدەچێ تۆش
بۆ ئاسوودەیت
بەسەر پەیژەی (هیچ)دا سەردەکەوی

ئەی یار
وا خەریکە زورهانبم و هەر گیرۆدەتم
لە کوێ بدۆزمەوە ؟ لە کوێ ؟
شوێن نەما بۆت نەگەڕێم
دەدەرکەوە زەمەنێکە چاوەڕێم .....

## پیتەکان دەخۆنەوە، دەنگەکان مەست

هەر دەنگە دەنگێك بێت
من نیم
رەنگە دڵێك بێت
لە حەژمەتی رزگاربوون
خۆی بە قەفەسی سینگدا بکێشێ
هەر ژاوەژاوێك بێت
من نیم
رەنگە پاسارییەك بێت
نەزانێ لەسەر پەنجەرەی کامە کچ هەڵنیشێ

ئەگەر دەمەقاڵێیەك بێت
منم
شەڕ بە خۆم دەفرۆشم

شكانی هە شووشەیەك بێت
من نیم
دەشێ پەرداخێك بێت
لەگەڵ دڵی ئەو كچەدا پێكێك هەڵدەن
هەر وژەوژێك بێت
ئەز نیم
رەنگە (با)یەك بێت
نووزەی عاشقێكی هەڵگرتبێت

دەزانم گوێتان لە جریوە نییە
ئاخر بولبولی ئەوینم
بارگەی تێکنا و ئێرەی جێهێشت

ئەگەر تەپەتەپێك بوو
ئەوە منم
گۆڕ بۆ حەزەکانم هەڵدەکەنم

هەر قارە قارێك بێت
ویژدانمە و یەخەی گرتووم
بەسەرما دەنەڕێنێ

فسکەفسکەکان
دەنگی نووساوی ڕاستییەکانن

لەترسی دوودڵیم
بە چپە چپ لەگەڵ خۆم دەئاخڤم
خودا
مرۆ بە دەنگەکان
درۆ دەکا
سوێند دەخوا
دەپاڕێتەوە

ژنێك بە كووشتن دەدا
گۆرانی دەڵێ
سۆز دەبەشێتەوە
بانگ دەدا
دڵنەوایی منداڵێك دەكا
گومان لەناو هزری خۆیدا دروست دەكا
كوفر دەكا
دەنگەكان مەستن
مەستن مەستن

ئەو تەقە تەقەی گوێتان لێیە
دەنگێکی مەست نییە
تا من هۆشی بێنمەوەبەر
من نیم  من نیم
کەس دەرگای لێنەکردمەوە
بۆیە لە دەرگای کەس نادەم
تازە من لە شەومەستی عاشقێکدا
دوایین پێکی بادەم

## کارەسات

دەڵێن
ئەو ساتەی چاوت بە دونیا هەڵێنا دەگریای
ڕەنگە فرمێسکی هەمیشەیی ئێستاشم
هەر گریانی ئەو کاتە بێ
خودایە تێمگەیەنە
ئەوە چ بێبەختییەکە
لەوەتەی هەم پێنەکەنیوم !!

**من = عەشق**

**تۆ = عەشق**

**خۆم = عەشق**

**من + تۆ + خۆم = هیچ**

**پێشکەشە بە ئەو**

١

لەناو عەشقدا
بەدوای تۆدا دەگەڕام ،
بۆ دۆزینەوەت هەڵوەدابووم
لەوێ خۆشم بزرکرد

٢

من

لێرەم چاوەڕوانی گەڕانەوەی خۆم دەکەم

تۆ

لەوێ چاوەڕوانی هاتنم دەکەی

کێ نالێ لەم بێنەوبەستەدا زەریایەك قوتم نادا ؟!

٣

تۆ لە کوێی ؟

من لە کوێم ؟

تۆم ون کردووە یان خۆم ؟

لەم کەونە تاریکەدا بەدوای کامتاندا بگەڕێم ؟

٤

له درزی نێوان من و تۆدا
دوکانێکی قەرەباڵغ دیارە
کە لەسەر تابلۆکەی نووسراوە
(مارکێتی کوشتن)

٥

من خۆم دەکوژم ،
تۆ من دەسووتێنی ،
خۆم لەناو بەستەڵکی تۆدا رەق هەڵدێنم ،
تۆ لە چاندنی درك لە لەشی مندا
لەززەت وەردەگری ،
تۆ شەڕێك لە دژی من و ئەودا هەڵدەگیرسێنی،
جەنگەکەمان من و تۆ و ئەو و خۆم
تەفروتونا دەکا
سەیرکە ئەی یار
هەمووومان بەیەکەوە چەند ناشیرینین

٦

من کتێبێك لەسەر خۆم دەنووسمەوە

تۆ لە باسی ئەودا پەست دەبی و

کتێبەکە تور هەڵدەدەی

ئیدی ناچارم دەکەی (دیرۆك) بە درۆ بنووسمەوە

٧

لەناو خۆمدا

شۆرشێکم بەرپاکرد ،

خۆم لەناو برد و

تۆم سەرخست

## خودایە من بۆ هێندە زیڤارم ؟!

زۆرم خۆش ویستن
زۆرم پەرستن
لانەم بۆ زۆران لە دڵدا چێکرد
مۆمی خۆشەویستیم بۆ زۆران پێکرد
یەکم کرد تاج و لەسەرم کرد
یەکیشم بەناو گوڵزاری شیعردا برد
خۆم پەپوولە و یەکیشیان گوڵ
ئەویتریان رەگ و خۆشم گڵ
یەکیانم کردە کتێب و
هەموو رۆژێك دەمخوێندەوە

یەکیشیانم دەپەرست و
ناوم دەخستە نێو سوێندەوە
یەکیان زین و خۆم مەم
من برین ئەوی تر مەڵهەم
جەخار کە ئەوان بێ مروەت بوون
حەیف کە هەڵوەدای سەروەت بوون
ئەوان چرا بوون بە رۆژ دادەگیرسان
ئەوان گوڵ بوون گوڵی پایزان
یەکیان ئێستا مۆتەکەیە و شەو نییە یەخەم نەگرێ

ئەویتریان ئێستا دڕکە و دڵەی بە برینم دەبڕێ
ئەوی دەمپەرست
ئێستا دەرگای پەرستگام لێ ناکاتەوە
ئەوی کە تاج بوو
ئێستا بەرەو پاشایەتیم ناباتەوە
خودایە من بۆ ئەوەندە بیمارم ؟!
خودایە من بۆ هێندە زیڤارم ؟!

## ئاوێنە

لە بیرمە ڕۆژگارێك
کە سەیری ئاوێنەم دەکرد ، گەنج بووم
ئەمڕۆ
لە هەمان ئاوێنەوە دەڕوانمەوە خۆم ، پیر بووم
ئەرێ من پیربووم یان ئاوێنە ؟!
ئاخ لە ئاوێنە
چ ڕاستگۆیەکی سپڵەی !

## ئەمشەو تۆ لێرە نیت

نووسینەوەی شەوێك بە هەموو بێ ماناییەکەی

گوێ لە چکە چکی کاتژمێری ژوورەکەم رادەگرم
هەست دەکەم
قەرنێکە من لەسەر ئەو ئاوازە راهاتووم
ئەمشەو تۆ لێرە نیت
چرکە بووە بە خولەك ....
ئەمشەو رەزاگرانترین شتی ژوورەکەم
کاتژمێرەکەیەتی

ئەمشەو تۆ لێرە نیت
ژوورەکەم دەڵێی هۆڵی پرسەیە
مات ، پەست ، دڵتەنگ

ئەمشەو تۆ لێرە نیت
لە ماڵەکەی خۆمدا هەست بە غەریبی دەکەم
رۆژنامەیەك دەگرمە دەست و
دوای خوێندنەوەی یەك دوو سەر دێڕ
توور فڕێی دەدەم
دەچمە بەردەم کتێبخانەکەم و
سەر دەهێنم و دەبەم
حەوسەڵەی خوێندنەوەی هیچ کتێبێك ناکەم
نازانم ئەمشەو
بۆ هێندە حەز بە خوێندنەوەی تۆ دەکەم ؟!
تۆ لێرە نیت

ئیدی چەند دیرێك لە تۆ ، لە كوێ بیێنم ؟
TVیەكە دادەگیرسێنم و
لە هیچ كەناڵێك ئۆقرە ناگرم
تا ئەو كاتەی ریمۆت-كۆنترۆڵەكە لەناو دەستم
رادەكا
ئەمشەو تۆ لێرە نیت
مۆبایلەكە لە گیرفانم دەردێنم و
دەمەوێ دڵم لە نامەیكدا بۆ تۆ بنێرم
پاشگەز دەبمەوە و دەزانم بەمەش هەدا نادەم
ئیدی پەیوەندی دەكەم :
( ئەو ژمارەی داوات كردووە داخراوە
تكایە دواتر پەیوەندی بكەرەوە )

جارێك و دوو و سێ
ئافرەتێك ئەم رستە کوشندەیە دەڵێتەوە
دەنگێکی خنکێنەر
یەکەم دەنگی ئافرەتە کە من پێم ناخۆشبێ
ئەمشەو تۆ لێرە نیت
هێندە رقم لە خۆمە
پلان و کۆدێتا لەسەر خۆم دەگێڕم
ئەمشەو تۆ لێرە نیت
ئیدی کەس نییە ئەم شەڕەی نێوان من و خۆم
دامرکێنێتەوە .....

## ئەدرەسی وشەکان

(ئافرەت)
جیهانیان لێ قوفڵدام
گرینگ نییە ،
کلیلی شیعرم پێیە دەیکەمەوە

(گەردوون)
سەیر نییە !
دڵم پڕی مشتێکە
کەچی جێی هەسارەی ئەوین دەبێتەوە!

(عەشق)
هەرچەندە
رم و قەڵغانم پێیە
وەلێ ناوێرم بچمە ناو ئەو جەنگەوە

(نیشتمان)
دەزانم دایکم کێیە
وەلێ دایکی دایکم ,
بەر لە بوونی دایکم مردووە

(ژیان)
لە جەرگەی بازاڕدا
جانتای پارە
لە دەستی ئافرەتێك دەڕفێنم
کە دووردەکەومەوە و دەیکەمەوە
بەتاڵ بەتاڵە

(سەفەر)
بستێ لێم دووربی
وا هەستدەکەم
هەریەکەمان لە کیشوەرێکین

( زەمەن )
سەیری ئەو ئاسکە کەن
چۆن لەترسی
چنگی شێر رادەکا

(سیاسەت)
ئەو ساڵەم لەبیرە
کە هەرچوار وەرزەکەی
پاییز بوو

(تەکنەلۆجیا)
لەناو ئەو هەموو نوێیانە
چۆن کۆنەکان بدۆزمەوە
لەناو ئەو هەموو کۆنانە
چۆن جێ بۆ تازەکان بکەمەوە

(تەنیایی)
پرسیاری کات
لە باپیرەم مەکەن
کاتژمێرەکەی پاتری نییە

(تەمەن)
پایز ماڵئاوایی
لە درەخت کرد و
منی بۆ سەفەر لەگەڵ خۆی برد

(شەراب)
کتێبێکم لە هاورێیەکم وەرگرت
لەگەڵ خوێندنەوەی کتێبەکە
خاترجەم بووم

(نێرگز)
سەفەرەکەت زۆری خایاند
پەلەبکە، بگەرێوە
هاوشێوەکەت دڵی بردم

(مردن)
.....................
.....................

(هەولێر)
دایکم گونیەیەکی کون کونی
زۆر کۆنی هەیە
هەرچی تێیهاوی جێی دەبێتەوە

( خۆم )
باوکم تابلۆیەکی رەنگاورەنگ هەڵواسی
کچێك لە دیوارەکە هێنایە خوارەوە
لەت و پەتی کرد و
دوایش خستیە ناو ئاگردانەکە

( ئەو )
رێناسترین رێبواری
ئەم کەونە لەناخی مندا گوزەردەکا
کەچی نازانم بۆ رێگای دڵم نادۆزێتەوە

## من له نێوان گریان و پێکەنیندا

دەمەوێ
له قاقای پێکەنین بدەم
نا پێناکەنم
کێ ناڵێ ئێستا کەسێك
لەم شارە رەشەدا پرسەدار نییە ؟!

دەمەوێ
بگریم و خۆم لەناو هەنسك و قوڵپی گریاندا
ونبکەم
بەڵێ من وا دەکەم
با ئێستا خەڵکیش له خۆشی و شاییدا بن
من و فرمێسك دوو دۆستی کۆنین
کەس گلەییمان لێ ناکا

## من چیم ؟

پرسیارێك بەس مردن وەڵامەکەی دەزانێ

من چیم ؟!
باڵندەیەکم
کە دێمە ناو باوەشی تۆوە
فرینم بیر دەچێتەوە
من چیم ؟!
ماسییەکم
کە لە گلێنەی چاوەکانت مەلەدەکەم
چیتر بەلای رووبار و زەریادا ناچمەوە
من چیم ئەی یار من چیم ؟!
نووقتەیەکم
لە نوونی ناوەکەتدا نەبێ
لە هیچ شوێنێکی دی جێم نابێتەوە

ئەی فریشتە جەهەنەمییەکەم  من چیم ؟!
پێم بڵێ من چیم ؟!
وشەیەکی بێلانەم
لە کونجی هیچ پەرەگرافێکدا جێم نابێتەوە
من چیم ؟ ئەی نەگبەتترین یار
چەقۆیەکم
بێ لە دڵی خۆم هیچ شتی تر نابرم
ئەی تەنگترین هەناسە بۆ پێم ناڵێ من چیم ؟
مزگەوتێکم
هەر رۆژەو فتوای کوشتنی خولیایەکی لێ دەدرێ
سەکۆیەکم
هەموو رۆژێ ستایشی دیکتاتۆرێکی لەسەردەکرێ

من چيم ؟
من چيم ؟
وتافێكم , بۆ رشتنی مشتێ خوێن
جارێك و دوو و سێ دەگوترێمەوە
من چيم ئەی كابووسترين يار ؟
خۆشبەختيەك كە هەرگيز نايەت
ئومێدێك كە قەت لە دايك نابێت
شەوێكی پووچ كە بۆ ئەبەد لە خەو هەڵناستێ
بەلەمێكی بێ سەوڵ
شانۆيەكی بێ جەماوەر
كتێبێك كەس نامخوێنێتەوە

ئەی یار ئەی یار
دەمەوێ بزانم من چیم ؟
لە ئیمێلێکدا
لە SMS یێکدا
لە نیگایەکدا
لە هەناسەیکدا
لە دەست لە پەرچەم دانێکدا
من تێدەگەم
پێم بڵێ من چیم ؟
هەر پیاوە وەهمەکەی جاران ،
یا مرۆڤێك لە شێتی واوەتر ؟!!

## تینوویەتی لەودیو بێ تۆیدا

١

تینوو دەبم
هەر چەند ئاوم بۆ دەهێنن تینوویەتم ناشکێ
تینووتر دەبم و
خەریکە تینوویەتی دەمخنکێنێ
ئەوان هەر بەدوای ئاودا دەگەڕێن
کەچی نازانن
کە من تینووی هەناسەکانی تۆم!

٢

گوڵەکان هەڵدەوەرن

هەمووان دەزانن کە پایز هات

گڵۆپی سەر دەرگاکان هەڵکران

هەمووان دەزانن کە خۆر ئاوابوو

"زۆربا" خۆشبەختە

ئەوان دەزانن کە ئەو چێژ لە سەما وەردەگرێ

جەنگ هەڵگیرسا

کۆمەڵێك ئافرەت ترسی بێوەژنی دایاندەگرێت

بەڵام کە من
تەنیا دەبم و لەژوورە تاریکەکەم
کپ دەبم و کروشکە دەکەم
نە دایکم و نە ئەوانیش دەزانن
کە من لە تینوویەتی تۆدا خۆم دەخۆمەوە

## بۆنی سێو

سێوێکی سوور لە لقی دارێك لێ دەکەمەوە
کە هەر لە روومەتی ئەو کچە دەچێ
کە بۆ یەکەمجار لە کتێبخانەی گشتی بینم و
لە تازەکی عاشقبوونمدا
دڵی لە سینەم دەرهێنا ،
قەپاڵێکم لێدا
لەگەڵ تام و بۆنی سێوەکە
هەڵەبجەم بیرهاتەوە
سێوەکەم فڕێدا و تفففففم لە مرۆڤایەتی کرد

## من و تۆ وەك دوو جەمسەری جیاواز

چەند لێك جوداین
هەسارەیەك نییە
لە موحیببەتدا بمانگرێتە خۆی
شەقامێك نییە
بەدەم نمەی بارانەوە
بەسەریا گوزەرکەین
هەناسەیەك نییە
بەدەم مژینی لێوی یەکتریەوە بیدەین
سێبەرێك نییە
لە ئاوێتەبووندا بەیەك جەستە نیشانماندات
شاخوێنبەرێك نییە
خوێنی یەکتری پێ تێکەڵ بکەین

من لە ترسی
مەلەکوتی عەشق و
درندەی تەنیایی
لەناو کوفرەکانی نیتچەدا خۆم حەشاردەدەم
تۆش لەناو کتێبەکەی بوخاریدا بۆم دەگەڕێی

من جلی پایز لەبەر دەکەم و
تۆش چاوەڕێ دەکەی
لەدەمی خونچەیەکی تازە کراوەدا بێمەدەرێ

من لەگەڵ ئەنکیدۆدا
لەناو جەنگەڵستانەکان خۆر ئاوادەکەین
تۆش لە کۆشکەکانی گلگامێشدا بەیانی دەکەیتەوە

من تژی دەبم لە لافاو و زریان
تۆیش لەناو کەشتیەکەی نوحەوە
تەماشای توورەیی ئاو دەکەی

من لە مەیخانەدا
باوەش لە بوتڵێك شەراب دەدەم و
لێوان لێوی فرمێسك دەبم
تۆش لە مزگەوتدا
لە نێوان دوو ئایەتی قورئانێکدا دەخەوی

من فیزەی دۆزەخم لە پاسەپۆرتەکەم داوە و
تۆش لە بەردەم ( ڕەیان ) چاوەڕێم دەکەی

من لە تاراوگە سەردەنێمەوە و
تۆش لە نامەیەکی پەمەییدا
باسی گوڵزاری نیشتمانم بۆ دەکەی

چەند لێك جوداین
خولگەی من ڕۆژ
خولگەی تۆ شەو

من تەنیا (م) و (ن)
تۆ تەنیا (ت) و (ۆ)

چەند لێك جوداین
چەند لێك جوداین
ئەسەف شیعریش كۆمان ناكاتەوە

## رامان له پانکه ماندووه‌که‌ی ژووره‌که‌م

پانکه
بێزار نابێ له سه‌ما
ئه‌رێ پانکه سه‌ما ده‌کا ؟
یان ئه‌ویش وه‌ك من خۆی لێ ونبووه
کێ نالێ
په‌ره‌کانی پانکه سێ عاشق نین و
به ده‌وری که‌عبه‌ی عه‌شقدا ناسووڕێنه‌وه؟!
یا ره‌نگه پانکه
سێ منداڵی یه‌ك کۆڵان بن و
یاری غار غارێن بکه‌ن

دەشێ
پانکە سێ برابن و شەڕ لەگەڵ یەکتری بکەن
خودایە
مرۆڤ بەخۆی ناوەستێ
هەموو شتێك فێرە شەڕ دەکا

## نامەیەکی پاییزیی
## چەند چرکەیەك پێش هەڵوەرین

ئەی دۆست
پاییزان ئەو کاتانەی
گەڵا وەك هەمیشەی من
ڕەنگ زەرد دەبێ
بیر لەو پەریانە دەکەمەوە
کە زۆر بەنەرمی و بێ چەك داگیرم دەکەن

تۆبلێی لێرە
گوڵێك بۆ چریکەی
بولبولی روحی شەکەتم
زەردەخەنەیەك
یا نیگایەك
لە تاراوگەی ئەم عەشقەدا بنێرێ
ئەی دۆست
لە بیرتە ئێوارەی پاییزێك
بە دەم نمەی بارانەوە
شەقامێکی خەوتوومان
بە هەنسك و ئاه و نالە
لە خەو هەڵسان

بیرتە گەڵای درەختێك
خۆی فرێدایە ناو لەپی دەستم و
بەدوای ڵانەیەکدا دەگەڕا
بیرتە پێم گوت:
عەشق هەموو لانەیەك خاپوور دەکا
ساڵ لای ئێمە هەر چوار وەرزی عەشقە و
عەشقیش سەراپا هەڵوەرینە.
ئەی دۆست
پایز هیچ ئافرەتێك ناناسێ
ئەگەرنا بۆ سێوێك لە
جووتێ سێوی ئافرەتێکی هەڵنەدەوەراند

نازانم
باران ئەو هەموو رووبارە چییە
کە لەسەر پەنجەرەکەم دروستی دەکات
ئەی دۆست ئەمشەو تەنیام،
تەنیاییەکی پایزانە
ئاسمانیش بێتاقەتبوو لە گریان و
فرمێسکی بە من سپارد

نازانم لە نامەکەمدا
لە چی بدوێم؟
خەمی خۆم
خەمی گەڵاکان
بێ مروەتی ئەوان
ئیتر ئەمە نامەیەکی ئاڵۆزە و
لە پایز ئاڵۆزتر و سەختتر

ئەی دۆست لە نامەکەمدا
چاوە تەڕەکانم
رووخسارە هەڵوەریوەکەم ببینەوە

لەگەڵ ئەم نەگبەتیانەشدا
هەر خەزانێك رووبكاتە ئێرە
من ترسم نییە
ئاخر ئەوە عەشقە كە توند توند بە كۆڵم داداوە
بێ عەشق من چییم ؟
عەشقم پێ نەبێ
رووت و قووتێكی ناو بەستەڵەكم
بە عەشقەوە نەدوێم
لاڵێكم ناخم پڕیەتی لە قسە
عەشق لە هەموو شتێكدا نەبینم
كوێرێكی ناو جەرگەی بازاڕم

ئەی دۆست تۆ بلێی
عەشق و پایز چیبن و لە چیدا یەکبگرنەوە ؟!
یا تۆ بلێی
تەری لێوی کچێك
رەشەبا و زەردی پایز نەشواتەوە؟!
یا تۆبلێی
شۆخێك پشت لە پایز نەکا و
پایز هەتیو نەبێ؟!

نازانم لە کامە پایز بوو
لەبن دارێك
هێندە گریام
هەر فرمێسکێکم
خوناوێکی لەسەر گەڵایەك دروست کردبوو
ئەی دۆست دەپێم بڵێ
ئەم چ نەگبەتییەکە ؟
کەسێك نەبێت بتوانێ
گرامێك لە قورسایی ئاهی سینەم کەمکاتەوە

ئەی دۆستە بەلەنگازەکەم
ئەم پایزە
جیاواز لە پایزەکانی دی
لەتەك گەڵا ، تاڵ تاڵی پرچم هەڵدەوەرن
هەر کتێبێکی ناو کتێبخانەکەم بکەیتەوە
تاڵێکی پرچی من تێدا دەدۆزیەوە
ئاخر من گیرۆدەی ڕێناسێك بووم
لە ڕێگا سەختەکانی ئەم پایزە بمپارێزی
لە ڕەشەبای ئەم غەریبیە داڵدەم بدات

ئەی دۆست
گەر ئەم پایزە
بەیەکجاری هەڵوەریم
پێیان بڵێ :
پاساریە پێکراوەکە نەمرد
تا تەواو خوێنی لێ نەچۆڕا
پێیان بڵێ:
سەفەری ئەمجارەی ئەم پۆلە باڵندەیە
بەرەو مەملەکەتی سووتانە

پێیان بڵێ :
با لەمەودوا مۆم بۆ جەژنی
لەدایك بوونی پەژارەکانم دانەگیرسێنن
ئیدی منیش
خۆم بە ژەنینی
خەمبارترین ئاواز خەریك دەکەم
لەناو گەرمترین تەندووری عەشقدا دەخەوم
پێکی تاڵترین تەنیایی نۆش دەکەم
بیرەوەریەکانم بە فرمێسك دەنووسمەوە

من كە هەموو ڕۆژێك
پڕبم لە عەشق و
خاڵی بم لە ئەو
سا بۆچی سەفەری ئەبەدی
لەگەڵ گەڵاکان نەکەم
ئەس دۆست تۆش کە ئەو نامەت پێگەیشت
ئاگاداربە پایزی عەشق
وشەکان بەدوای یەکدا هەڵنەوەرێنێ

# خۆزگەکان

خۆزگە دەمردم بۆ ئەوەی بە ئاسوودەیی هزریبام

١
خودایە
خۆزگە وەك درەختێك دروستت کردبام
نا نا خودایە ، وەك درەخت نا
پاشگەز بوومەوە
چونکە باش دەزانم گەر درەختیش بام
یان دارەبازە
یان تەختەی مردووشۆریان لێ دروست دەکردم

٢

خۆزگە بە مردووەکان
نە چاوەڕێی سپێدە
نە چاوەڕێی ئاوابوون دەکەن
نە حەسرەتی چاوەڕوانی یار کوێریان دەکا و
نە لە چاوەڕوانی خۆشبەختیشدا وڕ و کاس دەبن

لەعنەت لە زیندووەکان
بۆ هەمیشە لە چاوەڕوانیدان

٣

مرۆڤ

گەمەی دەستی خۆزگەکانە

من خۆزگەم زۆرە

تۆبڵێی کەوتبێتمە ناو چ گەمەیەکەوە ؟!

٤

خۆزگە دەبووم بە (با)
بە شنەیەك و چیتر نا
ئیدی بە ئارەزووی خۆم و بێ پرس
یاریم بە پەرچەمی تۆ دەکرد
تۆش بێ تاقەت و پەست دەبی
ئەوسا منی (با) گەمەکە دەدۆڕێنم و
خۆم دەخنکێنم

٥

خۆزگە لێم دەگەڕێن
تا خەندەقێکی ئاگرین هەڵکەنم
خەندەقێکی قووڵ قووڵ
قووڵ هێندەی جەهەنەمی خودا
ئەوسا
لێوان لێوی دەکەم لە ئافرەت و
خۆشم بەدەم قاقای پێکەنینەوە سەیریان دەکەم

## مەستی هاوکێشەکان

بۆ (ن) کە هەمیشە پێم دەڵێ:
تۆ پیاوێکی لە وەهم

ئەم ئێوارەیە دڵم تەنگە
وەك هەموو ئێوارەکانی تر
چێژ لە دڵتەنگی خۆم وەردەگرم
دەچمەوە شەقامی تەنیایی و
دەزانم لەوێ ئاسوودەترم دەست ناکەوێ
بەدەم بیرکردنەوە لە بیۆگرافیای عەشق ،
جگەرەیەك دادەگیرسێنم

من پیاوێکم لە شیعر
ئیدی کە تۆ تاقەتی خوێندنەوەی دێرێکت نییە
تا زووە ئەم کتێبە گەورەیەی ناو دەستت دابخە
من پیاوێکم لە فرین
تۆ کە ناتوانی باڵی شکاوی چۆلەکەیەك ببەستی
واز لە هاورێیەتی ئەم هەموو کۆترە بهێنە

من لەگەڵ خۆمدا تەنیام و
ئەو دەمانەی لەگەڵ تۆشدام هەمان تەنیایی
ئاوێزانم دەبێ

ئیدی لێم گەڕێ ، لێم گەڕێ
با چێژ لە تەنیاییم وەرگرم
لەززەت لە پەستیم.......
دەچم لەناو شیعرێکی تەڕدا خۆم دەخنکێنم و
لەدوای خۆمەوە
مشتێ وشەی خەمبار و
خەیاڵێکی شەکەت جێ دەهێڵم
تۆش بەدەم دروست کردنی زەڵاتەیەکەوە
خەیارێکی سەربراو و
چەقۆیەکی بە خوێن جێ دەهێڵێ

تۆ حەز بە شیکردنەوەی بیردۆزە نووسراوەکان
دەکەی
کە ئەمەش هەمدیس شتێکە لە دووبارەییەکانت
وەلێ من دەمەوێ هاوکێشەیەکی نەگوتراو بنووسم و
نەك هەر خۆشم بگرە کەسیش ئەنجامەکەی
دەست نەکەوێ
بوون – عەشق = ؟
ژیان + مەرگ = ؟
عەشق + بێهودەیی = ؟
مردن + عەشق = ؟
من ئێستا تام لە بێ ئەنجامی وەردەگرم

تۆ منت وا راهێناوە کە هەمیشە
زەماوەند لەگەڵ شکستەکانمدا بکەم و
خۆم پیلان بۆ رووخانی خۆم بگێرم

بمبەخشە ئەی خۆر
کە ئەم ئێوارەیە لە ئاوابوونت بە پەلە بووم
من
لەززەت لە ئاوابوونی خۆم وەردەگرم و
چاوەرێی هەڵهاتنی خەمێکی نوێ دەکەم
حەز بە تاریکی و تەنیایی دەکەم
دەمەوێ یەك یەك برینەکانم و خەفەتەکانم
لەگەڵ خۆمدا گەورەکەم
بمبەخشە ئەی خۆشبەختی زۆر لەمێژە چاوەرێتم

و هەر دەرنەکەوتی
بۆیە ئێستا مەینەتییم لەتۆ خۆشتردەوێ

ئەی نێردراوە جەهەنەمییەکەم
پێم نالێ تۆ کە پڕیت لە ئاگر و سووتان
ئەم هەموو گوڵ و جوانیە چیە لەناو خۆتدا هەڵتگرتووە ؟!
تۆ گڵپەی ئاگرت لێ هەڵدەستێ و
ئەم دەوروبەرەشت پڕ کردووە لە بۆنی گوڵ
خودایە لە هەموو شتێکت تێدەگەم،
تەنیا لە نێردراوە جەهەنەمییەکەت نەبێ

بەردەم پەنجەرە پەمەییەکەی تۆ جێ دەهێڵم و
لەدوای خۆمەوە
حەسترەتگەلێکی عاشقانە جێدەهێڵم
کەچی پاشماوەی تۆ لە هەر شوێنی
کتێبێك لە رارایی و رۆژنامەیەك لە بێهودەیی دەبێ
گومانەکانی تۆ
ئەستەمن
وەك چوونی پیرێژنێکی نەخۆش بۆ دەبلیوسی
هاوکێشەکانی منیش پرن لە بێ مانایی
وەك نوێژە خێراکانی هاورێیەکەم

ئەی فریشتە جەهەنەمییەکەم
تۆ چێژ لە سووتان وەردەگری
حەز بە بۆسۆ دەکەی
تۆ لەگەڵ قرچە قرچی ئاگردا سەما دەکەی
منیش ناچارم و
ئیدی دەبێ حەز بە قەقنەس بوون بکەم

هاتووم یارییەك لەگەڵ تۆدا بکەم و
دەشمەوێ بدۆڕێم
تۆ سەر لەو هاوکێشانە دەرناکەی
کە لە لاپەڕەی یەکەمی دەفتەرەکەتدا بۆم نووسی

من + عەشق = تۆ
تۆ + عەشق = من
من + تۆ = مردن
ڕەنگە نەتوانی ئەو هاوکێشەیەش یەکسان بکەی
کە لەسەر دەسرە بە میکیاجەکەت نووسیوومە
ژیان – من = تۆ + مەرگ

تۆ دەتەوێ
من لەسەر دووبارەییەکانی خۆت و زەمەن
رابهێنی
کەچی من دەمەوێ جیاواز لە ئەمڕۆی تۆ و
دوێنێی خۆم بژیم
جەخار نەمتوانی
پێناسەیەکی کورت
بۆ ئەم تەنیاییە درێژەی خۆم بکەم

ماڵی مردن پێنازانم
ئەگەرنا هەر بەم درەنگە شەوە دەبوومە میوانی
بۆ هەر ئەو دەزانێ میوانی ناوەخت بێ ؟!

له ئەستێرە کزەکانی سەر ژوورەکەتەوە
سەیرکە و ببینە
کە لەناو خۆمدا پەرستگایەکەم چێ کردووە
تیایدا هێندەی هەموو کڵێسا و مزگەوتەکانی دونیا
عیبادەتی تۆ دەکەم
بەڵام هەرجارێ لە تۆ وردببمەوە
تێناگەم خودا چۆن
بەم چەند رۆژە کەمە ئەم گەردوونەی بنیات ناوە ؟
جەخار جەخار
کە تۆش
تەنیا بیر لە هاوکێشە دووبارەکان دەکەیتەوە

نازانم له نێوان ئەم بۆچوونە دەمامکدارانەی تۆدا
بیر لەچی بکەمەوە ؟!
نازانم بۆ شێتی و مەستی خۆم چ ئاوازێك بژەنم ؟!
نا دەچم بۆ ڕەوینەوەی تەنیاییم
وتوێژ لەگەڵ هەنارێك دەکەم
بۆ قوڵکردنەوەی گومانەکانم دەچم
پیاسەیەك لەگەڵ (دیکارت)دا دەکەم
بۆ ئەوەی چەند چرکەیەك ژیر ببمەوە
دەچم باوەش لە هەورێك دەدەم
بۆ نووسینی هاوکێشەیەکی بێ ماناتر
دێم کەمێك عەشق لەتۆ وەردەگرم

## خنکانی شار لەناو من و تۆ و گوناهدا

١
شار تێکرا ئاگری گرتووە
ئاگرکوژێنەرەوەکان
لەبەر دڵی من،
فریای کوژاندنەوەی شەقامەکان ناکەون

٢
بێزاری و تەنیاییی شار دەنووسمەوە
لە خۆم دەست پێ دەکەم
هەر لە خۆشم کۆتایی دێم

٣
گەر ڕێم بدەن
لە بڵندگۆی مزگەوتی گەورەی شار
دوای هەر بانگێك هاوار دەکەم :
خودایە پەستم
هێندەی پەستی تۆ لە مرۆڤ

٤
شەوە
شەقامی شار شەڵاڵی شێتە
کەس هێندەی شێت شەیدای شار نییە

٥

شار جمەی دێ لە گوناھ
کرێکار
مامۆستا
مەلا
منداڵ
من
تۆ
ئەو .......
هەموومان شارمان پڕکردووە لە گوناھ
هەریەکەمان بە جۆرێ

٦

خۆم لەناو
ماسکی ڕارای تۆدا دەشارمەوە و کپ دەبم
تا ئەو ڕۆژەی عەشق خۆی دەکوژێت
ئەوسا منیش بێ پەروا
لەسەر دار و دیواری ئەم شارە دەنووسم:
پیاو لە نێوان گومانی ژن و
بێ ئەنجامی عەشقدا دەبێتە دیکتاتۆر

٧

شار بەجێ دێڵم و
بێ شار هەڵناکەم.
دەگەڕێمەوە شار و
دووبارە ئاوێزانی تەنیایی و بێهودەیی دەبمەوە
من تێناگەم
تۆ وادەکەی شارم خۆشبوێ
یان شار عاشقی تۆم دەکا !!!!!

٨

هانكە هانكی هەناسەكانی شارم گوێ لێیە
شار ماندووە و بەدوای پەناگەیەكدا دەگەڕێ
شار لە هەموومان بێ شوێنترە
نە لە دڵڕەقی ژندا جێی دەبێتەوە و
نە دەتوانێ لەناو گوناهەكانی پیاودا بخەوێ
شار لە هەموومان بێ نەواترە

## پەنجەرەیەك لە عەشق .. ماڵێك لە بەلەنگازی

بە ( بەلەنگازی خاوەن ماڵ ) پێشکەشە

هێندەی پەستی سێوێك بەدەم بۆگەنبوون
من ئەمشەو پەستم
هێندەی چۆڵی کەلاوەیەك ئەمشەو چۆڵ و هیچم
ئەی بەلەنگاز
دەزانم تۆش ئەمشەو
تائەودیوی سنووری نیگەرانی ، نیگەرانیت
دەزانم ئەمشەو تەنیای

مەگەر هەر خوا هەست بە تەنیاییەکەت بکا
دەتەوێ لەم شەوە باراناوییەدا
شۆخێك بەنازەوە
بەرەوە ژوورە تاریکەکەت هەنگاو بنێ
نازێك لە بەنازترین بەنازەوە وەرگیرابێ
ئیدی تۆش لەگەڵ هەر نازێکدا
هەزاران پێناسە بۆ بەنازبوون دەنووسیەوە

ئەی دۆست
ئەی بەلەنگازتر لە بەلەنگازی
من و تۆ دوو یارکەری عەشق بووین
بەر لە دەسپێکی گەمەکە دۆڕاین
من و تۆ دوو پاساری بووین
بەر لە فڕین باڵەکانیان شکاندین

من لەو دیوی خەونێکەوە
شان بەشانی ڕێناسێك دەڕۆم و
یەك یەك ڕێگا تەنگ و تاریکەکانم بۆ ڕۆشن دەکاتەوە
تۆش لەناو جەرگەی خەونێکدا
لە بن ساباتێکدا ڕۆنیشتووی و
گۆرانییەکانی عەشق بۆ کچێکی بەناز
بەنازتر لە بەنازی دەڵێیتەوە
ئیدی هاورێم ئەمەش پەتای عەشقە و
من و تۆ هەر لە زگماکییەوە تۆشی بووین

ئەی زیڤارترین زیڤار
عەشق نەیهێشت
هەناسەیەکی قوڵ بۆ ئەو
چۆلەکانە هەڵکێشین کە لەسەرما رەق هەڵاتن
عەشق ڕێگەی نەدا
لە زەماوەندی کۆترەکاندا لە قاقای پێکەنین بدەین

ئەی کۆڵەوار
ئەمشەو کەسێ نییە فرمێسکەکانم لەگەڵ بەشکا
تەنیا هاودەمێ نییە گوێ لە هەنسکی گریانم بگرێ
ئەمە چ تەنیایەکە خودایە
کە لە تەنیایەکەی تۆ گەورەتر بێ

ئەمە چ تەنیایەکە وشەکانی رستەیەك پێکناهێنن
ئیدی هاورێم
بەو دیکتاتۆرە بڵێ ئەم کوشتنە لەسەر خۆیەی من
ژمارە چەندی کوشتنەکانییەتی

دەڕۆم و هەڵدێم، عەشق بەدوامەوەیە
دێم و بەدوای عەشق دەکەوم، ئەو هەڵدێ
ئەمە هاوکێشەیەکی لەعنەتییە

هاورێم دواجار تەمەن رێگا نادا
پیاسەیەکی تر لەبەر باراندا بکەین
رەنگە هەر رێگەنەدا
شیعرێکی تازەش بۆ یەکتری بخوێنینەوە

ئیدی ژیان بەسە بەس،
با هەر لێرەوە کۆتایی بێت و
ساباتێك بەس بێت بۆ ئەوەی لە ژێریا خۆت
بکوژیت
ڕێناسێك بەس بێت
بۆ ئەوەی بەرەوە ڕێگەی مەرگم ببا
بەنازێك بەسە بۆ ئەوەی تەنیا بە نازێك
هەموو عومری گەنجیت لە گەڵ خۆیدا ببا

# ئاسمان و ئەوانی تر

(من و ئاسمان)
باران دەبارێ
دیسان ئاسمان بەسەر
تەرمی بۆگەنیوی زەویدا دەگری
ئاسمان وەك من
لە گریان بێزار نابێ

* * * * *

گرمەی هەورە و
برووسکەیە
رەنگە ئاسمان وەك من
رقی لە زەوی هەستابێ

(ئاسمان پیربووە)
بەفر دەبارێ
رەنگە یەکێ لە سەرەوە
لەخەفەتی زەوی پیر بووبێ و
تاڵ تاڵی پرچە سپییەکەی هەڵبوەرێ !

(من و هەور)
ئەرێ
هەور لەکوێوە دێ ؟
کە رۆیشتەوە دەچێتەوە کوێ ؟
ئەرێ کێ ماڵی هەور پێ دەزانێ ؟
رەنگە هەور وەك من
بێ شوێن

بێ ماڵ
بێ باوەش بێ
هەور بۆ زەوی دەگری و منیش بۆ ئاسمان
دەشێ هەور
هەر کاتێ بیەوێ وەك من
ماڵێك لە فرمێسك بۆ خۆی چێ بکا.

* * * * *

کە مردم
هەورێکی چڵکنم بۆ بکەنە کفن و
لە نێوان دوو ئەستێرەدا بمشارنەوە
با زەوی لەوە زیاتر
بۆگەن نەبێ

لێزمەی بارانە
پێدەچێ
ئەمشەو هەور دڵی زۆر توندبێ کە وا دەگریێ
رەنگە هەور وەك من
دڵی بۆ ئەو مێرووولانە تەنگ بووبێ
کە ئەم ئێوارە بە ئاوی دەستنوێژی مامۆستاوە خنکان
یا دەشێ
لەو راوچییانە پەست بووبێ
کە دوێنێ بەیانی دوو زەرنەقوتەیان هەتیووکرد
ئەی یار ببینە کە
هەور لە هەموومان بەخشندەترە

(من لە نێوان دووریانێکدا)
لەم زەمینە بێزارم
خودایە دووباڵم پێ ببەخشە
لەم ئاسمانەش پەستم
حەز بەبۆنی خاك دەکەم
خودایە
لەنێوان بێزاریی زەوی و پەستیی ئاسمان
من چی بکەم ؟

(گۆڕستانی شین)
ئاسمان پڕ پڕە لە گۆڕ
سەیرکە ئەی یار
سەدان حەزم
لە چاوەکانی تۆدا ناشتووە

## مردن لە بیرکردنەوەیەکی تردا

بە (پەریهان) پێشکەشە
کە هێندەی ترس ، لە مردن دەترسێت

ئەم ئێوارەیە
هێندە باسی مردنت بۆ کردم
شەو کە چوومەوە ژوورەکەم
لە خۆرا شەرم بە کتێبەکانم دەفرۆشت
بێ ئۆقرە بووم و دەمویست لە خوێندنەوەی هەموویاندا
پێناسەیەکی ترم بۆ مردن دەست کەوێ

هاورێم
وام هەستکرد ئەم ئێوارەیە
هەردووکمان لەززەتمان لە مردن وەرگرت
ئیدی دەبێ تۆ
لە شکانی دەستی بووکەشوشەکەتەوە فێرببی
کە ژیان و مەرگ هەرگیز کۆ ناکرێنەوە و
هیچ پەیوەندییەکی ماتماتیکی
لە نێوان مرۆڤ و مردندا نییە

خۆت رابێنە لەسەر ئەوەی
کە هەموو ئێوارەیەك لەگەڵ بولێڵدا
ماڵئاوایی لە خۆر بکەیت
نەکا ئەمشەو ببی بە بووکی مەرگ و
بۆ ئەبەد رۆشنایی نەبینیەوە

فێرببە ئەی دۆست
کە هەمیشە مردنت لەبیربێ و
هەرگیز بیریش لە مردن نەکەیتەوە
ئەوسا تێدەگەی ژیان بێ لە درۆیەکی شیرین چیتر نییە

هاوڕێم جارجارە
ئاوڕێك لە دواوە بدەوە و
بزانە چۆن مەرگ لێناگەڕێ بوەستین
هێدی هێدی و
زۆرجاریش بە پەلە لە دوامانەوە هەنگاو دەنێ

ئیدی دوا حیکمەت کە لە مردنەوە فێری دەبین
ئەوەیە کە دەبێ
بەر لە بۆنکردنی گوڵەکان
بیرێك لە گەڵاوەریوەکان بکەینەوە
بەر لە نووستن نزایەك لە شیعر و
دوعایەك بۆ تەنیایی بکەین

ئیدی هاورێم
بۆ دواجار دەبێ لە مردنەوە فێرببین
کە تۆ چێژ لە ژماردنی کۆترەکانی
سەر بالکۆنەکەت وەربگری و
منیش ڕۆژانە لەززەت لە ژماردنی
کێلەکانی گۆڕستان وەربگرم

# وریێنە

دەمێکە شاری پڕ شۆڕی مەحەببەت مات و خامۆشە
بە قانونی تەجەننون شۆڕشی ئینشا نەکەم ، چبکەم !
(مەحوی)

١

سێ شت
پیاو هەرگیز لێ یان تێر نابێ
ئەوین
مەی
ئافرەت

٢

ئەهریمەن
بۆیە کڕنووشی بۆ ئادەم نەبرد
ئەو دەیزانی لە وەچەکانی ئادەم:
سەددام
هیتلەر
بەکۆی مەرگەوەڕ
تۆ
ئەو .....، لە دایك دەبن

٣

ئافرەت بەشێکە لە عەشق ،
عەشق لە ئافرەتدا هەڵدەقوڵێ ،
ئافرەت هەناسە دەبەخشێتە عەشق ،
عەشق گەردوون دەخاتە ژێر پێی ئافرەت ،
من هیچ سەر لەم هاوکێشانە دەرناکەم
تەنیا ئەوەندە دەزانم
لە نێوان ئافرەت و عەشقدا سەرم گێژ دەخوا

٤

گەورەترین  نەگبەتی پیاو
جوانی ئافرەتە
گەورەترین خۆشبەختی پیاو
هەمدیس جوانی ئافرەتە

٥

هێندە دەرد و تەنیایی دەنووسمەوە
هەر پێنووسێکی دەیکڕم
چ دار ، چ جاف ، چ سۆفت بێت
زوو پیر دەبێ.....

٦

لەناو ئاگردانەکە
جوان سەیری پەلەدارێکی گڕگرتوو دەکەم
بزانم وەك من دەسووتێ ؟!

٧

سێ بەشی تەمەنم
چاوەڕوانی کچێکم کرد
کەچی هەر نەهات
پێدەچێ لەمەودوا
چاوەڕێی ئیزرائیل بکەم !

٨

ئەوەندەی
پێویستیم بە شیعرە
هێندە
پێویستیم بە هەناسە نییە

٩

رادەکەم و خۆم بە دوای خۆمەوەم
لە خۆم هەڵدێم و ناگەمەوە خۆم
خودایە کچێك بنێرە
من لەگەڵ خۆمدا ئاشت بکاتەوە

١٠

ئەی یار
ئەوەندە چاوەڕوانم کردی
تا چاوەڕوانی هاتە گۆ
ئەرێ کەی لێم بێزاردەبی تۆ ؟

١١

دەستم بە ناو پرچم داهێنا
چەندین موو لەگەڵ پەنجەکانم هاتن و
چەندی دیش کەوتنە خوارەوە
ئەوەندەی کردم نەمتوانی
ئەم ڕووداوە بخەمە ناو شیعرێکەوە

١٢

من شيعر نانووسم
رۆمان و چیرۆك و شانۆش هەروا
من تەنیایی دەنووسمەوە
نازانم ئەویش
بۆ کێ و بۆچی و بۆ کام لا دەڕوا ؟

١٣

ئەی یار
رەنگە تۆ کتێبێکی ئاسمانی بیت
بۆیە هێندە حەز بە خوێندنەوەت دەکەم

١٤

لەگەڵ کاتژمێری ژوورەکەم
لەسەر خەو کێبرکێمان کرد
من هەر زوو خەوم لێکەوت
کە بەیانیش لە خەو رابووم
بینیم ئەو پێش من بە ئاگابوو.

١٥

نووح دەڵێ:
بەخیلیت پێ دەبەم
من بەم هەموو عومرەوە هێندەی تۆ
خۆشیم نەدیوە ،
کە تۆ بەم تەمەنە کورتە
ئەم هەموو لەززەتە درێژەت لەگەڵ یاردا کردووە.

١٦

دڵم موزیکژەنێکی دێرینە
هەموو رۆژێ بە یەك ریتم و ئاواز
دەیەوێ و حەزدەکا
کۆنسێرتی جیا جیا بگێرێ
تا ئەو رۆژەی لە ئاهەنگی مردندا
نازانم بێ ئاگایە یاخود خۆی بێ ئاگا دەکا
کە یەك یەك تەلی کەمانچەکەی دەپسێ

١٧

گوڵ ، مانگ ، فریشتە
فریشتە ، گوڵ ، مانگ
مانگ ، فریشتە ، گوڵ
ریزبەندییەکە هەر چۆنێك بێت
ئەوان جوانییان لە تۆ وەرگرتووە

## ١٨

– به (ناسا)م * گوتووه
ئەمجارە لەگەڵ خۆیان بمبەن
+ بۆ کوێ ؟!!!!!
– بۆ هەسارەیەك ئافرەتی لێ نەبێ .
+ بۆچی ؟
– دەمەوێ بێ ئافرەت بژیم و ئاسودەبم .
+ !!!!!!!!!!!!!!
– دڵنیابە هەر زوو دەگەڕێمەوە، چونکە مەحاڵ بتوانم.
+ هەموومان دەبێ ئەم شەڕی ناچارییە بکەین

*ناسا: ئاژانسی فڕین و بۆشایی ئاسمانی ئەمریکی.

١٩

لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا
هیچ شتێك نییە جگە لە تەنیایی
لە نێوان من و خۆشمدا
هیچ شتێك نییە
جگە لە شەڕی سێیەمی جیهانی

## له نێوان منداڵی و ئێستادا

که منداڵبووم
حه‌زم ده‌کرد گه‌وره بم
که گه‌وره‌بووم
ئێستا ئاره‌زووده‌که‌م  منداڵ ببمه‌وه
سه‌رم له‌و بێنه‌وبه‌رده‌ی ته‌مه‌ن گێژده‌خوا
ئیدی ده‌بێ
له نزیك گۆرستانه‌که
چاوه‌رێی مردووێك بکه‌م
به‌ڵکو له سیحری عومر که‌مێك حاڵیم بکا

که منداڵبووم
له شێت دەترسام
وەلێ ئێستا که گەورەبووم
پڕ بە دڵ حەزم له شێت بوونە

که منداڵ بووم
هەمیشە دەمویست یاری بکەم و
دەورووبەرم قەرەباڵغ بێت
لێ که گەورەبووم عەشق فێری کردم
که لەززەت له بێدەنگی وەرگرم و
زۆرترین کات بە تەنیایی له ژوورەکەم بەسەربەرم

که لە منداڵی باسی
شەم و دێوانە
مەم و زین
شیرین و فەرهادیان بۆ دەگێڕاینەوە
بەخیلیم پێیان دەبرد
وەلێ کە گەورەبووم و
کەوتمە بۆسەی یەکەم ئەڤینەوە
بەزەییم بە هەموویاندا دەهاتەوە

## باران

به هەور پێشكەشە

باران
هەمیشە باران
ئەی دۆستی تەنیاییم
كە دەتبینم
ڕۆشن دەبێ بیناییم
خۆزگە میوانی هەر چوار وەرزم دەبووی
هەر كە بێی
وەك شۆخێك هەموو گیانم دەسووی
دابارە
گەڵای وشكی عومرم
حەزرەتی ماچی تنۆكی تۆیە

داباره
کەلاوەی تەنیاییم
لێوان لێوی بۆسۆیە
خۆت بێ ڕەنگی و کەچی ڕەنگ دەبەخشییە خاك
گەر باران نەبێ
دەروونم تەم، تەنیا، سامناك
باران هەمیشە
ب
ا
ر
ا
ن

## فلۆریا ، ژیان درێژە هێندەی چاوترووکانێك

فلۆریا
ئاوێنەی ژوورەکەم
سیمای پیرترین مرۆڤم نیشاندەدا
هەر تۆ دەتوانی
کەمێ لە گەنجی و جوانی (یوسف)م پێ ببەخشی

فلۆریا
تەمەنم پڕیەتی لە نیگەرانی
هەر تۆ دەتوانی
بەنیگایەکت ئەم بیابانە تاریکە رووناك بکەیتەوە

فلۆریا
مردن لەبەر دەرگەی ماڵەکەمدا چاوەڕێمە
هەر تۆ دەتوانی
کەمێ لە عومری (نوح)م بۆ بنێری

فلۆریا
پەستترین پیاوی ئەم کەونە منم
تەنیا بە تۆ دەکرێ
کەمێ لە تەنیاییم کەمکەیتەوە

فلۆریا
ژیان کورتە*
بەشی گەیشتنی نامەکەم ناکا

فلۆریا
من تابلۆیی فرمێسکی پەپوولەیەك دەکێشم
کە بەدەم سووتانی باڵەکانییەوە دەگری
تۆش
وێنەی گوڵێکی سوور بکێشە
کە قاقای پێکەنینەکەی
لەناو باخچەیەکدا دەنگ دەداتەوە

فلۆريا
تۆ ئاوازێك بۆ ئەو شەپۆلانە دابنێ
كە ناگەنە كەنار
منيش بۆ ئەو بولبولانە دەگريم
كە كەس گوێ لە گۆرانييەكانيان ناگرێ

فلۆریا
من لەو کۆترەش خەمبارترم
کە گومبەزی مزگەوتێك نییە
هێلانەی لێ دروستکا
من لەو ماسیەش دڵتەنگترم
کە قولاپی راوچییەکان لێ ناگەڕێن
سەما لەناو ئاودا بکات
ئیدی لە تۆ زیاتر کێ هەیە
لە خەمباری و دڵتەنگی من کەمکاتەوە

فلۆریا
ئەمرۆ ڤالانتاینە و شار سوور دەچێتەوە
نازانم
سووری گوڵەکانە
یان رەنگی ئەو سۆفتە سوورەیە
کە من زەمەنێکە ئازارەکانمی پێ دەنووسمەوە
رەنگە هیچ کام لەمانەش نەبێ
هەر رەنگی خوێنی برینەکانی من بێ و بەس

فلۆریا
ئێرە مەملەکەتی خوێنە و
عەشقیش لێرە مانای قوربانی دەدات

---

*یەکێك لە وتەکانی ناو نامەکەی فلۆریا کە بۆ قەشە ئاگۆستینی قەدیس ناردویەتی ، ڕۆمانی (ژیان کورتە)ی یۆستاین گۆردەر.

## ١١ فۆتۆی پایزیی بە کامێرای شێتێك

١

گوڵێك لە دەفتەری
بیرەوەرییەکانیدا نووسیبووی:
(پایز نەیهێشت عاشقی پەپوولەبم)

٢

گەڵاکان بە عاشقێکی تەنیا
پێدەکەنن و دەڵێن:
ئەو نازانێ کە
عەشق لێوان لێوە لە پایز

٣

خودایە
وەرزێکی تر بنێرە
با سەختتربێت لە پایز
بەڵکو بتوانێت رقی ئەو هەڵبوەرێنێ

٤

زەوی کراسێکی
پوولەکەی زەردی پۆشیوە
رەنگە لە پرسەی گەڵاکان دانیشتبێ !

٥

درەختێك پێی گوتم:
پایزان گەڵاکانم
زۆر لە تۆ دەچن

٦

نامەیەکم بۆ
(ژەنەراڵی پایز) نووسی
گەڵاکان رووەو غوربەت بارگەیان تێکنا !

٧
درەختێك
بیۆگرافیای خۆی نووسییەوە
بە پایز دەستی پێکرد و
هەر بە پایزیش کۆتایی پێ هێنا

٨
١٧ی هەموو دیسەمبەرێك
من
لە گەمەی ژیاندا
بە کەنغەرێك دەدۆڕێم

٩

گەڵاکان
بە موزیکی پایز
سەما لەگەڵ ( با )دا دەکەن

١٠

گەڵایەك بە سەرسامیەوە دەیگوت:
کچێك ٢٥ پایزی بەرێکردووە
کەچی کە دەردەکەوێ
مانگ و ئەستێرە
ئیرەیی پێدەبەن

١١

پایز لە دارستانەکە

درەختە نێرەکانیشی رووت کردۆتەوە

**هاهاهاهاها**.......

# گلەیی

سوپاس خوایە
کە نەتکردم بە گۆڕ هەڵکەن
تا ئێوارەیەك
گۆڕ بۆ چیرۆکنووسێکی زیڤار هەڵکەنم
سوپاس خوایە
کە نەتکردم بە مردووشۆر
بۆ ئەوەی گزنگێگ
لاشەی شاعیرێکی بێ نیشتمان بشۆم
زۆر سوپاس خوایە
نەتکردمە بەردتاش
تا کێلێك بۆ ئازیزێکم دروست بکەم

خودایه سوپاس
نەتکردم بە دارتاش تا دارەبازەیەك دروست بکەم و
بەدیاری بیبەمە مزگەوتەکەی پشت ماڵی خۆمان
کە رەنگە
یەك لەو مردووانەی پێیان دەبردە گۆڕستان،
هەر خۆم بام
خودایە ، خودای یار
سوپاس کە نەتکردم بە خۆشنووس
تا رۆژانە مەرگی مردووانی شار
لە لافیتەکاندا رابگەیەنم

خودایە
گلەیی ئەوەدەکەم
کردمت بە هاورێی شیعر و
جارجارەش هاوارەکانی ئەو دۆستە ئەبەدیەم
دەنووسمەوە
خودایە ، خودای یار
شیعر وایکردووە کە هەموو رۆژێ
لاشەی خۆم بە کۆمەڵێك وشەی خەمبار بشۆم
تەرمی خۆم بە دارەبازەی قەسیدەدا ببەمە گۆڕستان
بە پێنووسێکی لاوازی جگەرەکێش

گۆڕ بۆ خۆم هەڵکەنم
کێلێك لە کتێبەکانی کتێبخانەکەی ماڵی یار
بۆ خۆم دروست بکەم

خودایە دەبینی کە چۆن شاعیر
لەگەڵ باوەشدان بە هەر وشەیەکدا
لەگەڵ نووسینەوەی هەر دێرێکدا
لەگەڵ سەفەرکردن بۆ دوورگەکانی فانتازیا
گۆڕ بۆخۆی هەڵدەکەنێ !

## ئەو ڕۆژەی دەمرم کەسی تێدا لەدایك نابێ

من دەمرم کە مردیشم
ئیدی ڕەشەبا ڕوو لەم هەوارە ناکاتەوە
من دەزانم
لەمەودا مەرگی گەڵاکان بۆ پاییز ناباتەوە
من دەمرم کەمردیشم
کەسێ نییە دڵۆپێك فرمێسکم بۆ ببارێنێ
من دەزانم
کچێکیش چەپکێ گوڵ بۆ سەر گۆڕکەم ناهێنێ
من دەمرم کە مردیشم
شار دەدا لە قاقای پێکەنین

من دەزانم
رزگاری دەبیٚ لە شیٚتترین پیاوی زەمین

من دەمرم کە مردیشم
کفنەکەم لە شیعر و کیٚلەکەم لە قەڵەم دەبیٚ
من دەزانم
زەوی ژان دەیگریٚ و
گۆڕەکەم لیٚوان لیٚوی ئازار و خەم دەبیٚ

من دەمرم کە مردیشم
روحم لە ئاسمانیش هەر سەرگەردانە

من دەزانم
عاشق لێرەش بێ یان لەوێ
هەر گەڵای زەردی خەزانە

من دەمرم کە مردیشم
بۆ خۆم تێر تێر دەگریم
من دەزانم
ئیدی دەبێ بێ یار و بێ شیعر بژیم

من دەمرم
لەدوای مردنیشمەوە
نە کەس لەدایك دەبێ و نەکەسیش دەمرێ
چونکە مەرگ لەگەڵ مردنی مندا دەمرێ

## ژیان لە هزری شێتێکدا

شێتێك بەر لە نوێژی سپێدە
لەسەر دیواری سپی مزگەوتێك
بە خەڵوزێك لەبارەی ژیانەوە نووسی :
ژیان بەندینخانەیەکە هەموومان تیایدا زیندانین
مردن دێ و رزگارمان دەکات

لە دەروازەی شاریش
لەسەر تابلۆی ریکلامێك نووسی بووی:
ژیان میوەیەکە
عاشقان بە نەگەیوی دەیخۆن

ئەم شێتە دەیگوت :
لە (قابیل)ەوە فێربووم ژیان واتا کوشتن

ڕێناسێك فێریکردم
ژیان ڕێ ونکردنە

بەیانییەك لەخەو هەستا و
ڕێی بە کەسێکی سەر شەقام گرت و
گوتی ئەمشەو لە خەونمدا
مەسیح پێی گوتم :
ژیان لەخاچدانی ڕۆژانەی خولیاکانە

ئیدی ژیان فێڵبازێکە و هەموومان هەڵدەخەڵەتێنێ

ئەمجارە بەبیری دەهاتەوە
کە لە دەفتەری مامۆستایەکی سەر رووتاوەدا
لە جێی وەڵامی پرسیارێك نووسیبووی :
ژیان وەك کابرایەکی کەچەڵ وایە
خواخوایەتی ببێتە رەشەبا

هەر ئەو شێتە بەبیری دەهاتەوە
کە لە smsێکدا دەربارەی ژیان
وا بۆ هاورێییەکی نووسیبوو :
ژیان خەرەندێکە هەرجارە و یەکێکمان تێی دەکەوین

ئیدی زۆرجار بەدەم رویشتنەوە دەیگوت:
ژیان درۆییەکە هەمووتان بۆ یەکتری دەیڵێنەوە

دەهاتەوە بیری کە لە ئیمێلێکدا
بۆ کچێکی ئەسکەندەنافی
دەربارەی ژیان وا هزری بوو :
ژیان شارێکە هەر کەسێ بچێتە ناوی ون دەبێ

ئەمجارە لە ترافیکێکدا
بە ژنێکی ڕەشپۆشی نێرگزفرۆشی گەرمیانی گوتبوو:
ژیان واتا ئەنفال بوون و چیتر نا

بۆ دڵنەوایی منداڵێکی پاکەتفرۆش
بە پێکەنینەوە پێی گوتبوو :
ژیان واتا تۆپێکی تەقیوو

وای هزردەکرد کە ژیان لەلای (ادریس)
بریتییە لە دوورینی کراسێك بۆ نیگەرانی

درەنگانی شەوێك
کە هەر خۆی تەنیا لە مەیخانەکەدا مابووەوە
دوای ئەوەی بۆیەکان بە پاڵ خستیانە دەرەوە
پڕ بە دەنگ هاواری کرد:
ژیان لە مەست بووندا مانا دەدات
وەلێ نازانم چ مانایەك

شەوێك وەك بڵێی دا شەو بێت و
ئیدی بەیانی مردن بیکاتە بەختەوەرترین مرۆڤ
دووبارە لەسەر دیواری مزگەوتەکە و
بە هەمان خەڵوز نووسی :
ژیان بە هەر شێوەیەك بێت سەرابە
تەنیا مەرگ حەقیقەتە

## شەڕی حەرفەکان

ر

تۆ بولبول فێردەکەی چۆن گۆرانی بڵێ
گوڵت لەسەر ئەوە راهێناوە کە هەمیشە پێبکەنێ
ماسیت وا لێکردوە کە بێ سەما نەتوانێ بژی
تۆ رەنگ دەبەخشیە کۆلکە زێرینە
بەردەوامی دەدەیتە گەردوون
زەوی بەبوونی تۆوە پۆز لەسەر هەسارەکانی تر لێدەدا
تۆ رێنوێنی پەیامبەران دەکەی

مارکس و هێگڵ و دیکارت
لەتۆوە فێری بیرکردنەوە دەبن
جەخار جەخار
کەچی ناتوانی لە زمانی شاعیرێکی بەلەنگاز بگەی

ن

دەنگی دەرگایە
کەسێکی نەناسراو لە دەرگا دەدا
زەنگی مۆبایلەکەمە
ژمارەیەکی نەناسراو پەیوەندییم پێوەدەکا
لە چاتدا
ناوێکی نەناسراو داوای هاوڕێیەتیم لێ دەکا
لە ئێس ئێم ئێسێکدا

نەناسراوێك دەنوسێت:
دەتوانم لەناو تۆدا خۆم بناسم
من ئێستا خەریكم و دەمەوێ تەنیا تۆ بناسم
ئیتر ئەم گێژاوە بۆ ؟!
بۆ ؟!
بۆ ؟!

ح

پیاو بەر لە ئۆرگازم
دەیەوێ هەر چۆنێك بێت
بە هەر هۆیەك بێت
بە هەر ڕێگایەك بێت
لە ئافرەت نزیك ببێتەوە
پیاو دوای ئۆرگازم
دەیەوێ نەك هەر لە ئافرەت،
بگرە لە خۆشی هەڵبێ
(من نەمویست ئەو قسەیە بکەم
تۆ و فرۆید پێتان کردم)

ئ

من پەرش و بڵاوم
دەمەوێ هێشتا پەرت ببم
تۆ کە هاتی
کەمێك بدوێ
نەبادا بێ دەنگییەکەت کۆمکاتەوە
ئاخر ژیان بە بڵاویەوە مانا دەدا

ب

خوێندنەوەی کتێبێکی پاولۆ کۆیلۆ
بۆنکردنی گوڵی ناو کتێبەکە
پیاسەکردن لەگەڵ پیتەکانی
دێرە نووسراوەکەی پەڕی یەکەم
ئاوڕدانەوە لەو بیرەوەڕیانەی
کە تووشی شیزۆفرینیا بوون
کردنەوەی پەنجەرەی ژوورەکەت
بە ڕووی سەدان پرسیار

ئاڵوگۆڕکردنی عاتیفە بە نامۆیی
خواردنەوەی پەرداخێك شەربەتی زووخاو،
ئەی دۆست
چی بەدواتەوەیە ؟
ئەم هەموو راکردنە لە پای چی ؟
زووە بۆ رۆیشتن، بگەڕێوە
هێشتا لاپەڕەکانی یەکتریمان نەخوێندۆتەوە

د

تونێل و زایەڵە
ئەهریمەن و خوا
قەفەس و بولبول
شەپۆل و کەنار
من و تۆ
شێت و شەقام

هەندێ جار دۆست و
هەندێ جاریش دوژمنی یەکترین

## مێشکم بە تاڵ ، گیرفانەکانم پڕ

١ ،
٢ ،
٥ ،
٢٠ ،
٤٩٦ ،
سی و نۆ هەزار و حەوت سەد و پەنجا جار
لە گەلێك مزگەوتی جیاواز
گوێم لە "اللّه اکبر" بووە
مزگەوتی ڕەش
مزگەوتی سپی
مزگەوتی گەورە
مزگەوتی بێ منارە
مزگەوتی بێ کارەبا
مزگەوتی تەنیشت بەندیخانە

ئێوارەیەکی باراناوی
بە دەنگی بانگبێژێك
تەواوی ئەو گەڕەکەی
کە خۆشم نەمدەزانی بۆ لەوێم ؟!
بێدەنگ و گوێبیست کردبوو

لە دەمەو عەسرێکی بێ تاقەتیشدا
دەنگی مەلای مزگەوتەکەی ناو بازاڕ
دوکاندارەکانی لە سوێندخواردنی بە درۆ
بێ دەنگ نەدەکرد

بەیانییەکی دووبارەش
زایەڵەی بانگی
مزگەوتەکەی نزیك ماڵەکەمان
منی لە خەونێکی هەرزەکاری بەخەبەر هێنایەوە

وا ڕێکدەکەوێ
هەموو نیوەڕۆیەك
گوێبیستی دەنگی ناخۆشی بانگبێژەك ببم
کە مزگەوتەکەی چەند هەنگاوێك لە مەیخانەوە دوورە

لە عیشایەکی پڕ لە بیرکردنەوەشدا
سەر بەناو کتێبخانەکەمدا دەهێنم و دەبەم
دەمەوێ
گومانەکانی "دیکارت" بخوێنمەوە ،
"نیتچە" بە خۆیی و سمێلەکەیەوە
لەنێو کتێبەکاندا وەستاوە و
دەیەوێ دووبارە گفتوگۆ لەسەر "هیچ" بکەینەوە
لەولاشەوە
جەمال غەمبار دەیەوێ
پیاسەیەکم لەگەڵ ئاودا پێبکات
دەخوازم فروغ* تەنیاییەکەم بڕەوێنێتەوە

*فروغی فروغزاد

لەناکاو بۆ پێنجەم جار
لە ڕۆژێکی پڕ لە درۆ
پڕ لە دزی
پڕ لە قۆڵبڕین
پڕ لە کوشتن
پڕ لە بێ مانایی
پڕ لە نایەکسانی
پڕ لە جەهالەت
پڕ لە دەبەنگی
گوێم لە "اللّە اکبر" دەبێتەوە.

ماوەیەکە لە رێگەی دیوانە شیعرێکی دیکەیەوە، ئاشنای شیعرەکانی کاك(گۆران رەسووڵ)م و بە خوێندنەوەی ئەم چەند شیعرانەشی بۆم دەرکەوت کە گۆران باکگراوندێکی کولتووریی تۆکمەی هەیە و لە وێنە شیعرییەکانی ئەم دواییانەیدا زیاتر چۆتە نێو دنیای رەشبینی و تەنیایی و مەرگ و تا رادەیەك شێوازی سۆفیگەریانە لە دێرەکانیدا بەدی دەکرێ کە ئومێدی زۆرمان بە دوارۆژێکی گەشەداری هەیە و دڵنیام لەم پایانەوە هەنگاو و هەڵکشانی زێتر بە خۆیەوە دەبینێ.

گۆران جیا لە شاعیرانی هاوتەمەنی خۆی و هەندێك لە خۆشی بە تەمەنتری باس لە یار و مەرگ و تەنیایی و عیشق و پەرستگا و ئاسمان و خۆکوشتن و شەر و ئاشووب و یەزدان و خۆزگە و خەونەکانی دەکات.

عبدالرحمن فەرهادی

وێنە دژەکانی (گۆران) لە نێوان ڕەش و سپی و چاکە و خراپە و باشەکانی ئەوان و خراپەکانی خۆی بەسەر هەڵگەڕاوەیی لەناو کولتووریکدا وێنادەکات. کە ڕەنگە ئەوان وەها زوو نەیەنە ڕێگای.
ئەمەش وادەکا لەناو ئەو دەوامەیدا لە عاقیبەتێك بگەڕێ لە ڕەنگی سپی و خەیاڵی ڕەها بەناو تاراوگەکانی خولیا جوانەکانی شەو و حەسرەتە گەرمەکانی ڕۆژەوە سیزیفیانە بە تەزووی عەشقەوە گۆرانی دەڵێ کە ڕەنگە شیعربێ و پێمان بڵێ:
ئەی مەلەکوتی سەر زەوی ، جوانی و خۆشەویستی شیری سپی شیعرن. نەبوونی دەبێتە هۆی پەککەوتنی گڕوگاڵی منداڵی. کوژانەوەی حەژمەتی زەردەخەنەی ، کە ڕەنگە هەموو چەخماخە و تاسە و حەسرەتەکان پێمان بڵێن: گەڕان بە دوای بوندا دەگەیتە مەنزڵێ بەڵام بەدوای خەون و یۆتۆبیای مرۆڤدا ئەوسەری نیە و دەرۆیی و سەرابێکە و ئەوسەری هەر نیە ...

یەك لەو كارە تایبەتیانەی (گۆران) كاركردنە لەناو ئاو و هەوا و باران و هەور بەكاربردن و تەعامولكردنی بە رەنگ و شێوە و بۆن و چاوی ،جارەی تەلیسمێكی جوانی شیعری لێ بەرهەم دێنێ.

هەر وەك ئەو پارچە قوماشە رەشەی سەر تەختەی شانۆكان بەردەوام گۆرانی بەسەر دادێت و شیعرەكانی لەگەڵیدا دەگۆرێ ، ئەمەش قەلەقێكی ناوەوەی داهێنەرانەی جوانی لا دروست كردووە كە رەنگە لەگەڵ شتە وەستاوەكانی تردا وا نەكەوێتەوە.

یوسف لەتیف

سەرنج:
خوێنەری ئازیز شیعرەکانی ناو ئەم کتێبە، کەم تا زۆریان لە گۆڤار و ڕۆژنامە و سایتە ئەلیکترۆنییەکان بڵاوبوونەتەوە. ڕەنگە بە بەراوردکردنیان جیاوازی وشە، دەربرین بگرە جارجارەش ڕستە هەست پێبکرێ. ئەمەش دوای دووبارە خوێندنەوە و بەسەرداچوونەوەی تێکستەکان، کە من خۆم بە کردەیەکی دروستی دەزانم چونکە پێم وایە شیعر لە یەکەم نووسینیدا لە کۆرپەیەك دەچێ دووبارە نووسینەوە و ڕازاندنەوەی بیرۆکە و دیزاینکردنی، بەخێوکردنییەتی. ئەمەش تا دەگاتە قۆناغی بەندکردنی لە دووتوێی کتێبێکدا.

گۆران ڕەسووڵ زەوقە